# ئايين وشەر لەدژی ژنان
# خەبات لەدژیستەم لەژنان

لە نوسينی:سوسەن ئارام
وەرگير:سەيران رەحيمی

حەوتوی رابردو دو روداو روی دا يەكەميان لە نيويورك و ئەویتريشيان لەپاريس بوو.هەردوو روداوەكە هيمای ئەوە بوون كە ستەم لە دژی ژنان و سوكايەتی كردن بەوان لەئايين و كومەلگای پياوسالاری دا زور لەوە قولترە كەژنان بتوانن لەچنگی رزگار بن و بە كاريكی ساكاری بزانن وبو بەدەست هينانی بارودوخی يەكسان لە گەل پياوان تەنيا بە ئيسلاحاتيكی بەر تەسك لە رەسم وياسای ئايينی دلخوش بكەن يان تەنانەت جيايی دين لە دەولەتيش جيا لەو گرينگيەی كە هەيە تی بە سرينەوەی ئاسەوارەكانی ئايينی پياو سالاریلەنيو كومەلگادا بە تەنيا بەس نييە .لەم روداوەدا لە دو لايەنی جياوازدا نيشان درا كە چلون لە لايەكەوە مەقاماتی بالای دەزگای ئايينی بە تەواوی هيزەوە بو پاراستنی هەل و مەرجی بە كەم گرتنی ژنان تيدەكوشن ولە لايەكی تريشەوە دژی ژن بونيان لە كومەلاگای سكولاردا بەنوبەی خويان كلتوری دژی ژنی سەر لە نويی پيك دينننەوە.

لە روداوی يەكەم دا كە لە نيويورك رویدا ،خانمی دوكتور ئەمينە ودود كە ئيسلاح خوازيكی ئايينيە پيشنويژی نويژی هەينی كوتايی سالی كرد و ژنان وپياوانيش لە كەليسای مانهاتان لە پشت سەريەوە ريزيان بەست و نويژيان خويند.

بەلام كەسايەتيە ئايينيەكان پيشنويژی ئەو ژنەيان رەد كردەوە .سەروكی گشتی فقهی ئيسلامی موحەمەد بن الخوجە كە ئەويش بو خوی كەسيكی خويندەوارەو دوكتوريشە نويژی ئەو ژنەی باتل راگەياندو وتی كە ئەو كەسانەی كە لەپشت سە ر ئەو ژنەوە نويژيان خويندوە دەبی سەر لە نوی نويژەكەيان بخويننەوە.

ئەو حالەتە زور حالەتيكی چاوەروان نەكرابوو.ماموستايانی ئايينیو بەشيكی زور لە مەقاماتی بە برشتی دەزگای ئيقتداری ئيسلامی بە تايبەت لە ئيستادا كە ئيسلام سياسی بوەتەوە و بونياد گەرا ئيسلاميەكانيان كردوە بە ئەهرومیك

بو ئەوان تا لە ركەبەرايەتی بو بە دەست هينانی هيز لەگەل هەر جورە ئيسلاحيكی مەزهەبی دژايەتی دەكەن و هيزەكەيان لە مەترسی دا دەبينن.هەروەها هەنديك لە مەقاماتی ئيسلاح خوازی ئيسلامی لە هەموو شوينيكدا لەوانە ئيران ئيسلاحی ئايينيان كردوەتە ئامرازيك بوبە دەستەوە گرتنی بەشيك لە هيز وە لەم بابەتەدا زوربەی مەقامات لە روالەتدا يان لە راستيشدا سكولاريش لە يەكگرتندا لە گەل ئەوان هاو جيهەتن.بەم شيوەيە ژنان ومافەكانيان لە كومەلگاكانی ئيسلامی دا لە ژير هەرەشەی توريكی تيك هەلپيچراودايە كە بريكيان لە حالی شەردان و بريكيشيان لە حالی يەك گرتندان.

هەنديكيان خوازياری ئيسلاحاتی مەزهەبين و هەنديكيشيان لە سە ر بونيادگەرايی ئيسلامی پيداگری دەكەن،بەلام هەمويان بوچونيان يەكيكە .

مەيلی قوربانی كردنی مافەكانی ژنان لە تايبەتمەنديەكانيانە.

بونیادگەرا ئاینیەکان لە ریگەی بەرانبەرکیی راستەوخو وهەندیکیش لە ئیسلاح تەلەبان و سیکولارە راستەکان لە ریگای سازش لە سەر مافەکانی ژنان و داسەپاندن و بەرتەسك کردنەوەیان پییدا دەگرن.
سەیرەکە لەوە دایە کە لە ئیران راگەیەنەرەکانی پەیوەندی دار بە دەزگای حکومەتی ئیسلامیەوە هەوالی پیشنویژی ئەوژنەیان لە نیویورك و رەد کردنەوەی نویژەکە لە لایەن ماموستایانی ئایینیەوە بە شیوەیەك باسیان لیوە دەکرد کە گوایە بو خویان لەوان زور باشترن .
بو وینە لە روژنامەی بازتاب دا لە هەوالەکانی خویدا خانمی ودودی بە زەق
کردنەوەی دەرەجەی دوکتوریەکەیبە ژنیکی روناکبیری موسلمان نیولی برد .هەلبەت ئەم جورە رەنگدانەوەی هیندیك لە روداوەکانی ئەو بەر سنورەکان ئیستا ،ژنانی ئیرانی بە سەر دەست و پەیوەندەکانی حکومەتدا دایدەسەپینن ئەگینا ئەم هوکارانەی حکومەتی ئیسلامی لەم بەری سنورەکانەوە تەنانەت بیری پیشنیاری لەم جورەشیان بە زەین بگات کە پیاوان لەشارەکان و مزگەوتەکانی ئیران لە پشت سەری ژنیکەوە راوەستن و نویژ بخوینن وەك شورشیك چاوی لی دەکری.
هەروەها کە دەیشزانین لەکوماری "ئینقلابی" ئیسلامی نە تەنیا شورش بەلکو تەنانەت ئیسلاحیش وەکو کفر دەزانن. دەزانین کە زورینەی خەلکی ئیران بە ژن و پیاوەوە لە بیری ئیسلاحیکی ئاوا دا نین ئەوان چاوەروانی هەلیکن کە نویژ سیاسی و عیبادیە کانی ئەو ئاغا زادانە تیك هەلپیچن.
بەلام روداوەکەی پاریس

لەم روداوەدا لە گوشە نیگایە کی ترەوە زور سرنج راکیشترە .جیایی دین لە دەولەت لە فەرانسە ئەوەندە ریزی لی دەگیریت کە ئایین نامەییکیان بو قەدەغە بونی حیجابی ئیسلامی لە خویندنگاکانی ئەم ولاتەدا بە نیوی یاسای بنەرەتی فەرانسە و لە بەرگری لە جیایی دین لە دەولەت بردوەتە پیشەوە، بەلام ئایائەم ئال و گورە بیرو بوچونی پیاو سالاری لە کولتولری کومەلگای لە ناو بردوە؟
روداوەکەی پاریس لەم بابەتەدا نوکتەیکە کە دەبی دەرسی لی وەربگیری. رومداوەکە لەو قەرارە بو کە هەفتەی رابردوو کە هەفتەییك بو بۆ مەسیحیەکان موقەدەس بو. ئەو هەفتەییە کە لەودا عیسا کیشراوەتە خاچ و دوایی 3 روژ دیسانەوە دەگەریتەوە بو ژیان.
شەریکەییکی پاریسی بە نیوی fran s girbaud marithe et کە جل و بەرگی مودلی روژ دەفروشیت لەم بابەتە بو نیشان دانی جلەکانی کەلك وەردەگری و لە ژیر ناوی ریکلامدا تابلویك نمایش دەدات کە لە شاهکارەکانی لئوناردو داوینچیە.لە یەکەم نیگای ئەو تابلویە دەبیندری کە تەرحەکەی داوینچی لەگەل تەواوی کەسایەتیەکان و جیگاو شوینەکان لە چوارچیوەی مودەکانی ئەم دامەزراوەیەدا تابلوکە سەر لە نوی دەسکاری کراوەتەوە.
مەسیح لە جیگەی خویەتی و مەلایکەتەکانیش هەمو لە شوینی خویاندان و تەواویان ژنن. تەنانەت لەو شوینەیشدا کە دەلین مریم "ماگدالنا" وینەکەی کیشا بو دەسکاری کراوە بەلام ئەم جارەیان لە شیوەی پیاویکی روتدا کە لە پشتەوە دەبیندرا.
ئەو تابلویە لە پردا توفانیکی خستە ریٚ. هەلبەت کلیسای واتیکان لە سەرەتای نارەزایەتیەکاندا بو . قەشەکانی کلیسایروم نمایشی ئەو تابلویەیان کفر راگەیاندو وەکیلەکانیشیان لە پاریس دەس بە کار بون و دادوەری بەریزی پاریسیش حوکمی کوٚ کردنەوەی تابلوکەی دەرکرد و جەریمەییکی زوریشی بو هەر روژیك دیاری کرد هەتا ئەو کاتەی تابلوکە نەمینی.

دادوەری کلیسا لەو هەلە بە قازانجی خۆی کەلکی وەرگرت و لە نیەان بی دینەکان و توندوتیژی لە خویندنگاکان پەیوەندی گرت چونکە کوشتاریکی بە کومەل لە خویندنگایەکی ئامریکاییدا دیسانەوە بیرو زەینی گشتی جیهانی بەرەو لای خوی راکیشا.
هەلبەت مایکل مۆر لە بولینگ لە کولومباین کە براوەی خەلاتی ئوسکاری فیلمە موستەنەدەکان بو بڕیك لە هوکارە مەعقولەکانی ئەم جورە روداوانە نیشان دا بو.
رەخنەکان لە مەقامات کوتاییان پیی نەهات و روشنبیران هاو جیهەت لە گەل هەلکردنی رەشە با کەوتنە ناو چالاوەوە و باسەکە دەستی پی کرد دە ئایا بە مەسیح وئایین سوکایەتی و بی حورمەتی کراوە یان نە ؟وە یان کەلك وەرگرتنی باش یان خراپ لە ئایین بو فروشتنی کالا وەردەگیری یان نە؟گویا لە دنیایەك کە ئە شکەنجە کردنی دیلەکان کە بوە بە یەکیك لە پر داهاتترین خزمەتگوزاریە کالاییەکان و دواتر هەر لە بوردومانەوە بگرە تابیٚ بوردومان لە نیوان کاربەدەستانی موعتەبەری نیونەتەوەییەوە حەراج دەکرین ،سنوریك بوهەلسوانی سەرمایە ماوەتەوە.
چ شتیك ئەوهەموە ئالوزیەی پیك هیناوە ؟ لەم پەیوەندیەدا جوگلدی میژو ناسی‌زانکوی برکلی کە خوی کاتولیکیکی تۆخە مەچەکی رەخنە گری هونەری گوڤاری تایمز دەگری .ئەو نە تەنیا بە وتەی خوی پەردەی لە سەر گەورەترین هەلەو ئیهانەی میژوی هونەری هەنوکەیی هەلداوەتەوە،بەلکو هوی ئەم هەلەیەو لە گەل ئەویش دژ بە ژنی ریشە دار لە کلتوری پیاو سالاری دەخاتە روو.
قسەوباس و لیکدانەوەکانی ئەو لە بابەت تابلوکەوە زور سرنج راکیشن .
گلدی لە پیش هەر شتیکدا لە سەر ئەو خالە پیداگری دەکات کە دژکردەوەکان نیسبەت بە تابلوکە لە ئوروپادا جیگای پرسیارن،چونکە هەموان دەزانن کە ئوروپای سکولار وەکو ئامریکا نیەولە هیرشە ئایینیەکان ناشلەژی.بە پیچەوانەوە هونەرمەندانی ئوروپایی زور حەزیان لەوەیە کە لە ئیشەکانی خویاندا باسە ئایینیەکان تیکەلاوی شوخی بکەن .ئەگەر وایە ئەم هات و هاوارە لە کویوە سەرچاوە دەگری .
گلدی دەلی:بیجگە لە وینەی نیوە روتی پیاویك لە مەتنی تابلوکەدا هیچ شتیك نەگوراوە.بیٚجگە لە پیدا هاتنەوەی تابلوکەی داوینچی لە کۆتایی شام و خەیانەتی هاوریەکانی بە خاچ کیشانی مەسیح کە هەموی ئەوانە ستایش کراون .لە بەیانیەیی کلیسایش لە سەرەتادا وارەچاو دەکرا کە هەر وینەی ئەو پیاوە نیوە روتە هوکاری نارەزایەتیەکە بوە .
بەلام گلدی خوینەر دەخاتە بیرکردنەوە وە : ئایا لە راستیدا وینەی پشتی ئەو پیاوە ئەو هەموە نارەزایەتیەی هەلخراندوە . لە روژئاوادا وینەی ژنیك کە بەشی سەرەوەی جەستەی روت بیت بە کەلك وەر گرتنی خراپی جنسی دەزانن و لە تەلەفزیونی ئامریکایش نیشان دانی قەدەغەیە بەلام وینەی پیاوی بی جل و بەرگ تا ئیستا قەدەغە نەکراوە . لیکدانەوەکانی گلدی لە بابەت تابلوکەوە زور سەیرن . بە بروای ئەو تابلوکە لە دنیای ئیتسادا نیشان دەری ئەوەیە کە کەلك وەرگرتنی جنسی لە ژن لە لایەن پیاوە وە پیچەوانە دەکاتەوە .پیاویك لە حالەتی بی هوشی روتە و سەری بە شیوەی بی گیان و مردو نیشان دەدات کە بەسەر شانی ژنیك دا شکاوەتەوە و جەستەی بی گیانی لە گەماروی ژنانیکە کە زور هوشیارن و جل و بەرگیشیان لە بەر دایە .
ئەم دەس دریژیە ئامرازیك لە ژن نیشان نادات ، بەلکو بە پیچەوانە نیشانی دەدات کە پیاو بوەتە ئامرازیك بو کەلك وەرگرتنی جنسی و بوەتە قوربانی جوریك لە مەیلەجنسیەکان کە ژنان کوتونەتە گیانی .

تازە تەواوی سەحنەکە ژنیك بە ریوەی دەبات . ئەمە بو خوی ئەوەندە بەسە کە کلیسا تورە بکات ، بەلام شتیك کە ئەم هاتو هاوار و جەنجالەی خستوەتە ریَ ئەو پیاوە روتە و کەلك وەر گرتنی خراپ لەو نیە . مەلائیکەتەکان وەکو ژنانی نیو مالی شارستانی لە پەیرەوی لە ئاخرین مودیل کەوتونەتە رکەبەرایەتی و شەر لە گەل یەکتری . یەکیکیان جلیکی رەشی مودیل بالا و دەسکردی بەرگدوری لە بەر دایە . ئەویتریان بە دلنیایەوە مارکیکیتری لە بەر کردوە ، بەلام لە نیوان ئەم هەموە مودیلە و لە نیو ئاخرین مودیلە کانی روژ دا مەسیح دانیشتوەو بە میهرەبانیەکی راستەقینەوە دەستەکانی بوهەر دو لا دریژ کردوەتەوە.مەلائیکەتەکانیش کەوشی نالچە بەرزیان لە پی کردوە ولەتورو شتە رازاوەکانی تر کەلکیان وەرگرتوە، جلەکانیشەویان جلی رەسمی کاریان لەبەردایە . بەلام مەسیح بە تاقی تەنیا جلیکی هیپی لەبەردایە، جلیك کە ئەوەندە ساکارە کەناتوانین مارکی هیچ کارگەیەکی پیوە بلکینین،جلیك کە شارۆمەندانی برکلی کاتیك لە بەری دەکەن کە دەیانهەوی بچن بۆ ریکخراوی تجارەتی جیهانی نارەزایەتی دەربرن .

جۆگلدی لە کوتاییدا ئاوا دەنوسی :زۆر سەرسورهینەرە کە دامەزراوەی مودیل یەکەمین وینەی جیگەی باوەری مەسیحی لە نیو نەوەکەی دانیشان داوە.بەوتەی ئەو هونەریك کە کەلیسا سیقەی پیەتی وا نوقمی ئیقتدارگەری دەبی کە ئینسان مەیلی خوشویستنی خوای نامینیَ.جوگلدی کە خوی کاتولیکە پیی خوشە بیروبوچون وئیعتقادەکەی لەدەست نەدات ،هەروەها زۆریشی پیی خوشە کە وینە کیشی دامەزراوەی ژیر باند ئەوی لە دەست هونەری پەسەند کراوی کلیسا رزگار کردوە.مەسیح ی ژیرباندبە هەست و سوزیکی تایبەتیەوە ،سەبوری و میهرەبانی بی ئەو پەری خوی لە جیهانیك کە ماتریالیزمی نەخوازیاری sex and the city هەتا گەروی پرکردوە ،زور سرنج راکیشە . لە بەرامبەرکی لە گەل بەر تەسکیە کلتوریەکانی کلیسا کە ئەوەندە لە سیکسوالیتەی مودیرن دەترسی کە تەنانەت ناویری نیویشی ببات ، مەسیحی ژیر باند دەکا بە ئالترناتیویکی سالم و جسمانی و لە بەرامبەر هدونیسمی دادەنی کە لەش فروشیەتایبەتیەکانی زال کردوە.

گلدی تابلوکەی لە سەروی کارەکەی خویدا داناوە تا لە ژیر ئەو گوشارە کاریە تاقەت پروکینەی کە لەم رۆژانەدا دەکەویتە سەر شانی ماموستایانی لاو ،ئەو شەمایلە موقەدەسە کەدیاری ئوروپایە ئیلهامی بکات کە بپاریتەوە نەك تەنیا بۆ چوك دادان لە بەرانبەر ئیقتدار ،بەلکو بو ئەوەی کە ئادەمەکان و حەواکان تێگەیشتنیان لە یەك هبێت وریّز لە یەکگرتنی ئینسانی خۆیان بگرن .

سەرچاوە:مالپەری روشنگەری